# دەست و چاوتان خۆش

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن

## وانەی وەرزش



ئەمرۆ لە قوتابخانە
لەگەڵ سۆلین و لانە
یاریمان کرد پێکەوە
بێ شەڕو بێ ئاژاوە
دوای چوینە پۆلەوە
بە بزەو بە خەندەوە
بەرگی یاریمان پۆشی
چاوەڕێ بووین بە خۆشی
ئەم وانەیە وەرزشە

دڵمان هەر زۆر زۆر خۆشە
دوایی چوینە گۆرەپان
بە ریز لەدوا یەک وەستاین
چەپ و راستە وەرزشە
هەمووومان دەکەین گەشە
یاریمان کرد پێکەوە
بە هەستێکی پاکەوە
کە وانەکە تەواو بوو
کاتی ماڵەوەشمان بوو



لۆنا عەبدوڵڵا توفیق
١١ساڵ
پۆلی شەشەمی بنەڕەتی

## پشیلە جوانەکەم



ئەی پشیلە جوانەکەم
بۆ زیزی هەناسەکەم
هەر تۆ خۆشەویستمی
گوڵی سوری ماڵمی
بۆم هێناوی ماست و شیر
لەگەڵ نڤیشک و پەنیر

چاوت تیژە، گوێت قوتە
توکت نەرمە وەک لۆکە
ئەی پشە بچکۆلەکە
وەک هاوڕێ تەماشامکە
تۆ چالاکی، نەک هاری
ئەمیاوێنی نازداری



ئومێد خالید حەمە ساڵح
پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی

## دوو پیاوی دڵسۆز



باپیرم وتی کاتی خۆی دوو پیاو لادێکەمانیان جێهێشت. یەکەمیان وتی: من لێرەوە ئەڕۆم و ئەمە ڕێگەی منە، دەی تۆش وەرە! پیاوی دووەم وتی: نەخێر من لێرەوە ئەڕۆم. سەرەنجام هەریەکەیان لە ڕێگەیەکەوە رۆیشت. دوای چەند ساڵێک جارێکی تر یەکتریان بینییەوە. پیاوی یەکەم وتی: دوای ئەم چەند ساڵە چیت بۆ گوندەکە کردووە. دووەم وتی: لەگەڵ خۆمدا پارەیەکی زۆرم هێناوەتەوەو قوتابخانەیەک دروست دەکەم. ئەی تۆ چیت کردووە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە: منیش پەڕتوکێکی زۆرم هێناوەتەوەو بەنیازم پەڕتوکخانەیەک بکەمەوە. باپیرم زەردەخەنەیەکی کردو وتی: بەم شێوەیە پیاوی یەکەم بە پارەکەی و پیاوی دووەمیش بە زانستەکەی گوندەکەیان ئاوەدانکردەوە.



ماردین حسین عەلی
پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی